# کورد و ئەلمالیکی
# لە نێوان پشتگیری و ڕەخنەگرتن دا



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

گومان لەوەدا نیە ئەمریکا گلەییەکی زۆری لە حکومەتی نوری ئەلمالکی هەیە. جێگەی سەرنجە، ئەویش، واتە ئەمریکا، وەکو ئێمەی کوردی دڵ پڕ لە گلەیی لە حکومەتی ئێستای بەغدا، زۆر جار گلەو گازندەکان لە ناو دڵ و دەروونی خۆی دەهێڵێتەوە، یان دەیشارێتەوە، یانیش بە چاکی نازانێت دەریانبڕێت. دیارە مەترسیەکانی تیرۆرو بەرژەوەندیەکانی پرۆسەی سیاسی لە هەلومەرجی ئەمڕۆی دا ئەوەندە گەورەو قورس و ئاڵۆزە کە نە کوردو نە واشنتۆن، تا ئێستا، بە چاکی نازانن ڕەخنەو گازندەکان بە ئاشکرا ئاراستەی مالیکی و حکومەتەکەی بکەن. لەگەڵ ئەوەش دا، ئەگەر هەندێك بە دیققەت سەیری تابلۆکە بکەین دەبینین کوردو ئەمریکا لە ناو چوارچێوەی هەڵوێست لە بەرامبەر مالیکی جیاوازیەکیان لە نێوان دا هەیە. جیاوازیەکەیش ئەوەیە کە ئەمریکا ناوە ناوە فشاری ئاشکرا بۆ سەر حکومەتی مالیکی دەهێنێت و لە وتارو گوتەکانی سەرۆك جۆرج دەبلیو بووش و بەرپرسانی ئیدارەکەی، بە ڕاگەیاندراوی ڕەخنەی لێ دەگیرێت. بگرە هەندێك جار سەقفی زەمەنیش بۆ کارو بەرنامەکانی دادەنرێت.

دواترین نموونە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە مالیکی، بە پێی قسەکانی واشنتۆن، نەیتوانیوە تا ئێستا وەکو پێویست پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی لە عیراق دا بە ئەنجام بگەیەنێت.

هەر لەم بازنەیەدا، واشنتۆن لەم دواییە ناچار بوو، ڕەنگە ئەوەیش بە پێشنیاری بەریتانیەکان بوو بێت، ناچار بوو پرۆژە بڕیارێك پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکان بکات لە بارەی فراوان کردنی دەسەڵاتی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە لە بەڕێوەبردنی عیراق دا. لەو بوارەدا ئیدارەی سەرۆك بووش نایشارێتەوە کە مەبەستە سەرەکیەکەی لە گەشەپێدانی دەوری نەتەوە یەککگرتووەکان لە عیراق ئەوەیە ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوە لە ناو بازنەی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانیی عیراق دا گەشەی پێ بدرێت. ئەمەش، ئەگەرچی ئەمریکا نایڵێت، بەڵام خۆی لە خۆی دا ئیقرارە بەو ڕاستیەی کە مالیکی نەیتوانیوە پرۆسە سیاسیەکە بەرەو پێشەوە بەرێت.

بە هەر حاڵ، واشنتۆن بە گلەییە لە سەرۆکی ئێستای حکومەتی عیراق. دوا گلەییشی ئەو قسە زبرو توندانە بوو کە سەرۆك بووش لە کاتی سەردانی مالیکی بۆ تاران کردنی. دیارە، واشنتۆن خوازیاری ئەوەیە پەیوەندیەکی نۆرمال و ئاسایی لە نێوان تاران و بەغدا هەبێت. بەڵام، لە هەمان کاتدا، خوازیاری ئەوەشە پەیوەندیە نۆرمالەکە قازانجی ئەوەی هەبێت کە دەستی ئێران لە ناو عیراق کورتتر بکات و ئیتر تاران واز لە دەستوەردان لە کاروباری ناوەخۆی ئەو وڵاتە بهێنێت و چیتر چەك و تەقەمەنی بۆ گروپە توندڕەوەکان نەنێرێت. لەو بەرامبەرەدا، پێ دەچێت، مالکیش هەمان مەبەستی هەبوو بێت لەو سەردانە. بەڵام کێشەکە لەوە دایە کە نە مالیکی و نە عیراق ئەوەندە تاقەت و توانایەیان نیە ئێران ناچاری دامەزراندنی پەیوەندیەکی نۆرمالی لەو بابەتە بکەن. شایەنی باسە، واشنتۆن ڕاستەوخۆیش لەگەڵ ئێرانیەکان کۆ دەبێتەوە بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانج. مەعلوومە، لە دوو ساڵی ڕابردوودا، تاران هەمیشە یەك لە خاڵە لاوازەکانی مالیکی بووە. ئەمریکاش لەو بەرامبەرەدا دەستی لەوە نەپاراستووە هەر کە دەرفەتی بۆ هاتبێتە پێشەوە ڕەخنە لە سەرۆك وەزیرانی عیراق بگرێت، جا ڕەخنەکان چ لە بارەی ئێرانەوە بوو بێت و چ لە بارەی هەلومەرجی ناو عیراق و سیاسەتی حکومەتەکەی. لە هەمان کاتی ڕەخنە گرتندا، پشتیشی گرتووەو هاوکاریشی کردووە.

کورد، لە هەمان بابەت دا، وەك ئەمریکای پێ نەکراوە لە بەرامبەر مالیکی دا. واتە، تا ئێستا، سیاسەتی هەولێر تەنیا پشت گرتنی حکومەتی مالیکی بووە. هاوکاریان کردوە. بەڵام، وەکو پێویست نەیانتوانیوە، یان نەیانویستووە بە ئاشکرا، ئەوەندەی ڕووداوەکان پەیوەندیان بە کوردستانەوە هەبێت، ڕەخنەی لێبگرین. گیروگرفتەکانی کورد لەگەڵ مالیکی زۆر گەورەترو قورسترن لەوانەی ئەمریکا لەگەڵ ئەو سەرکردە شیعەیەدا هەیەتی. کورد کێشەی یاسای نەوت و گاز، کێشەی کەرکووك و ماددەی ١٤٠، کێشەی بودجەو دارایی و داهات، بگرە دەیان کێشەی دیکەی لەگەڵ بەغدا هەیە. بەڵام هەمیشە، بێ دەنگی هەڵبژاردوە بەرامبەر سیاسەتە چەوتەکانی. لە بێ دەنگیش خراپتر، خۆی لە ڕەخنە و گلەیی کردنی ئاشکرا پاراستووە. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو بە گەرمیش لەگەل مالیکی و چەند حیزبێکی دیکە کەوتۆتە کار لە پێناو دامەزراندنی کوتلە، یان بەرەیەکی سیاسیی تازەی میانڕەو لە ناو پەرلەمانی عیراقدا. مەعلوومە ئەرکی یەکەمی ئەو کوتلەیە پشتگرتن و بەهێز کردنی حکومەتەکەی مالیکیە.

ڕەنگە، ئەم هەڵوێستەی هەولێر قازانجێکی زۆری بۆ ئەمریکا

●●●
**واشنتۆن بە گلەییە لە سەرۆکی ئێستای حکومەتی عیراق. دوا گلەییشی ئەو قسە زبرو توندانە بوو کە سەرۆک بووش لە کاتی سەردانی مالیکی بۆ تاران کردنی**
●●●

هەبێت. بگرە دوور نیە ئەمریکاییەکان ئەو هەڵوێستەیان پێ باش بێت تا ئینتیباعی ئەوە بدەنە جیهان کە عیراقیەکان بە کوردو عەرەب و سوننەو شیعەوە لە پشت ئەو حکومەتە عیراقیە وەستاون کە واشنتۆن پشتی دەگرێت و رۆژانە بۆ پاراستنی قوربانیەکی زۆری گیانی و ماددی دەدات. واشنتۆن، لەم چوارچێوەیەدا، پێی وایە ئەگەر خۆی رەخنەش لە مالیکی بگرێت ئەوا ئەو رەخنانە ناگەنە ئاستی زیان گەیاندن بە ئیدارەی سەرۆك بووش. بەڵام ئەگەر کورد یان پێکهاتەیەکی دیکەی عیراق ئەو رەخنەیە بگرێت، ئەوا دوور نیە زەرەرو زیانەکە ببێتە مایەی زەرەرو لە کۆنگرێسی ئەمریکی و دەرەوەی کۆنگرێسیشدا هەڵوێستی بەرهەڵستکارانی سیاسەتی سەرۆك بووش بەو رەخنانە بەهێزتر بێت.

بە هەر حاڵ، ئەمریکا بە ریسی خۆی و کوردیش بە خوریی خۆمان. ئەم مەبدەئە لە هەموو بوارەکانی سیستەمی سیاسیی ئەمرۆدا راستە. راستە لە بواری رەخنە لە ئەمریکا و لە مالیکی گرتن راستە هەتا ئەگەر کوردو واشنتۆن هاوپەیمانێتیەکی بەهێزو چارەنووسسازیشیان لە نێوان دا هەبێت. راستە هەتا ئەگەر کورد پێویستیەکی زۆری بە دۆستایەتی ئەمریکا هەبێت بۆ پاراستنی کوردستان لە دەوڵەتانی دەوروپشت و هەرەشەکانی تورکیا. هەروەها راستیشە هەتا ئەگەر ئەمریکا بە تکاوە داوای ئەوە لە کورد بکات نەچێتە خانەی دابراوان و رەخنەگران لە حکومەتی مالیکی.

لە هەلومەرجی ئەمرۆدا، پێ دەچێت بەرنامە نەتەوەییەکەی کورد پێویستیی بە دوو رەنگی ناو یەك تابلۆ هەبێت: رەنگی پشتگیری لە حکومەتی بەغداو رەنگی رەخنە گرتن لەو حکومەتە. تابلۆ گشتیەکەش وەك مەعلوومە یەك شتە: بەرەوپێشەوە چوونی پرۆسەی دامەزراندنی عیراقێکی دیموکراسی و فیدرالی تازە. بە نیسبەت ئەمریکاش هەمان شت راستە: رەنگی پشتگیری لە سیاسەتە عیراقیەکەی ئەمریکا و رەنگی رەخنەگرتن لە هەڵەو کەم وکورتیەکانی ناو ئەم سیاسەتە. لێرەشدا وەك مەعلوومە تابلۆ یەك تابلۆیە کە ئەویش پشتگیری کردنە لە هاوپەیمانێك ستراتیژیی ئەوتۆ کە کورد بە ئاسانی دەستی نەخستووەو ئامادە نیە بە ئاسانیش لە دەستی بدات.

بێ شك، تا ئێستا حکومەتەکەی مالیکی زۆر هەڵوێستی باشی لە بەرامبەر کورد نواندوە. بگرە کورد خۆی بەشێکی کاریگەری ئەو حکومەتەیە. بەڵام، رەنگە خۆ هەڵخەڵەتاندن بێت ئەگەر بڵێین ئەو حکومەتە هەڵوێستی خراپی نەبووە. بگرە هەندێك لە خراپەکارەکانی زۆر زەرەرمەندو پڕ ئەزیەتیش بوون. هەڵوێست لە ماددەی ١٤٠ و پرۆژە یاسای نەوت و گازی عیراق نموونەی بەرچاوی هەڵوێستەکانی مالکین. بێگومان ئەگەر ئەو خراپەکاریانە روو بە رووی مالیکی بکرێنەوە، بێ یەك و دوو، پێمان دەڵێت کە هۆی دەست ساردیەکەی لە جێ بە جێ کردنی ئەو ماددەو پرۆژانە هەڵوێستی سوننەی عەرەبە. رەنگە بڵێت، ئێستا خەریکی دڵراگرتنی سوننەی عەرەبە تا هەرچی زۆرتر بیانهێنێتە ناو پرۆسەی سیاسییەوە. بۆیە ناتوانێت لەو کاتەدا ئەم داواکاریانەی کورد جێ بە جێ بکات چونکە ئەو داواکاریانە، بە گوتەی مالیکی، دڵی سوننەکان سەر لە نوێ دەرەنجێنێتەوە. بەڵام لە هێنانەوەی ئەم برو بیانووانەدا سەرۆك وەزیرانی عیراق راست ناکات چونکە سوننەی رەمادی و فەللوجەو بەغداو مووسڵ، دوور لە مەسەلەی پرۆژە یاسای گازو نەوتی عیراق، دووریش لە مەسەلەی کەرکووك و ماددەی ١٤٠، حکومەتەکەی مالیکیان بە حکومەتێکی تایفەگەر دەزانن و هەتا بۆیان بکرێت یارمەتیی نادەن. لەوەش بەولاتر، هەمیشە رەخنەی ئەوەیان لێ گرتووە کە بە جیددی هەوڵ نادات پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی بگاتە ئەنجام. رەخنەی سوننەی عەرەب لە مالیکی بە پلەی یەکەم مەسەلەی کورد و داواکاریەکانی کورد نەبووە، بەڵکو رەخنەکە زۆرتر روو بە رووی شیعەو لەشکری بەدرو مەهدی کراونەتەوە. بۆیە، هەرچییەك مالیکی بیڵێت لە بواری پاساو هێنانەوە بۆ دەست ساردیەکەی لە جێ بە جێ کردنی ١٤٠ و گازونەوت، لە قسەی بەتاڵ بەولاوە هیچی دیکە نیە.

هەندێك جار، چاودێرانی سیاسی گومان لەوەش دەکەن کە دەست ساردیەکەی ئەمریکا لەو دوو مەسەلە چارەنووسسازە بە نیسبەت کورد پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە مالیکیەوە هەبێت. بە دووری نازانن، مالیکی ئەمریکایشی بە هەڵە بردبێت لەوەی کە ماددەی ١٤٠ پێویستیی بە دواخستن هەیە. دوور نیە، ناوە ناوە بە واشنتۆن بڵێت کە هۆیە سەرەکیەکەی شکست هێنانی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی کورد و داواکاریەکانیەتی بە تایبەتی لە مەسەلەی کەرکووك دا. دوور نیە، لەگەڵ سوننە عەرەبەکانیش یاریەکی لەو بابەتەی کرد بێت. جاران، حیزبی بەعس بۆ دوژمنایەتی کردنی کورد هەوڵی دەدا پشت بە شیعەو سوننەی عەرەب ببەستێت. بۆ دوژمنایەتی کردنی شیعەو ئێرانیش هەوڵی دەدا پشت بە کوردو سوننەی عەرەب ببەستێت. گومان زۆرە کە مالیکیش، دەرسێکی لەو پەندە خراپە وەرگرتبێت و هەوڵی ئەوە بدات بۆ شکست پێ هێنانی داواکاریەکانی کورد، سوننەی عەرەب و ئەمریکا دڵ کرمێ بکات. بۆ گەمارۆدانی سوننەی عەرەبیش لە هەوڵی پشی پشی کردن بێت بۆ کورد.

●●●
**گرفتەکانی کورد لەگەڵ مالیکی زۆر گەورەترو قورسترن لەوانەی ئەمریکا لەگەڵ ئەو سەرکردە شیعەیەدا هەیەتی**
●●●

بە هەر حاڵ، ستراتیژی کورد بەرامبەر بە حکومەتی بەغدا، جا سەرۆکەکەی مالیکی بێت یان هەر کەسێکی دیکە، دەبێت سیاسەتێکی دوو پێچکەیی بێت: پشتگرتن و هاوکاری کردن لە پێناو عیراقێکی دیموکراسی. رەخنەگرتن و رەقی نواندن لە پێناو زامن کردنی هەرچی زووتری جێ بە جێ بوونی مافەکانی کورد بە تایبەتی ئەوانەی لە ناو دەقی دەستووری هەمیشەییدا نووسراون. پێویستە ئەو سیاسەتەش لە سەر بنەمای رەخنەی ئاشکراو شەفافیەتی سیاسی دابمەزرێت، جا ئەمریکا ئەوەی پێ خۆش بێت یان ناخۆش.

●●●
**ستراتیژی کورد بەرامبەر بە حکومەتی بەغدا، جا سەرۆکەکەی مالیکی بێت یان هەر کەسێکی دیکە، دەبێت سیاسەتێکی دوو پێچکەیی بێت: پشتگرتن و هاوکاری کردن لە پێناو عیراقێکی دیموکراسی. رەخنەگرتن و رەقی نواندن لە پێناو زامن کردنی هەرچی زووتری جێ بە جێ بوونی مافەکانی کورد بە تایبەتی ئەوانەی لە ناو دەقی دەستووری هەمیشەییدا نووسراون**
●●●